# هۆکار و مەبەستەکانی مەزراندنی دیمەنی سێکسی لە ڕۆمانی کوردیدا

**جەلال ئەنوەر سعید [١]**

[١] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

گومانی تێدا نییە کە سێکس یەکەم و دواهەمین ئامرازی سەرجەم بونەوەرانی سەر زەوییە بۆ نەوە خستنەوە و بەردەوامبون لە ژیاندا، جگە لەمەش هۆیەکی گرنگە بۆ ئارامیی و ئاسودەیی، واتە لە غیابی سێکسدا دۆخێکی ئاڵۆز و نادروست لە ژیانی بونەوەراندا دێتە ئاراوە. هەروەها گومانیشی تێدا نییە کە ئەدەبیش ئاوێنەی کۆمەڵ و ڕەنگدانەوەی واقیعە بە هەمو لایەنە چاك و خراپەکانییەوە، جوان و ناشرینییەکانییەوە، ڕێپێدراو و قەدەغەکراوەکانییەوە، بۆیە دەبینین پرۆسە و پەیوەندی سێکسیش لە ئەدەبیاتی زارەکی و نوسراوی هەمو میللەتانی دنیادا بە پێی تایبەتمەندیی و داب و نەریتی هەر نەتەوە و کۆمەڵێك کەم تا زۆر ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەناو ئەواندا ئەدەبی زارەکی و نوسراوی کوردیش لەم بوارەدا بەشداریی بەرچاوی هەیە، بە تایبەتیش لە ڕۆماندا، بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا کەمتر ئاوڕ لەو تێکستانە دراونەتەوە کە دیمەنی ئیرۆتیکییان تێدا مەزرێندراوە. ئەمەش بە بڕوای ئێمە هۆکارەکەی بۆ جۆرێك لە شەرم و ترس و کۆت و بەندی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە، هەر لەبەر ئەوە؛ ئێمە لەم هەوڵە خاکەڕایانەی خۆماندا هەوڵماندا‌وە بە دوای ئەو هۆکار و پاڵنەرانەدا بگەڕێین کە وا لە ڕۆمانوس دەکەن هەمو هۆش و خەیاڵ و ئاوەزی خۆی بگوشێت بۆ بنیاتنانی دیمەنێك یان چەندەها دیمەنی سێکسیی بە شێوەیەك کە هەمو وردەکارییەکانی جەستە پیشانبدات. لەم ڕووەوە سێ خاڵمان دەستنیشانکردووە کە تیایدا سێکس وەکو هۆکارێك بەکارهاتووە، ئەوانیش بریتیین لە (گوزارشتکردن، هێما، ئامانج). لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا بەم ئەنجامانە گەیشتوین، کە گرنگترینیان ئەمانەن: یەکەم چاکتر وایە زاراوەی (ئەدەبی جەستە) لە زمانی کوردیدا لە بری زاراوەکانی تری وەکو (ئەدەبی کراوە و ڕوتەمەنی) بەرانبەر بە ئیرۆتیکا و تەنانەت پۆرنۆگرافیاش بەکاربێت، چونکە زاراوەیەکی گشتییە هەردوو بوارەکە لەخۆدەگرێت. دووەم، ئەو دیمەنە سێکسییانەی کە تەنیا ئامانجیان وروژاندنی هەستی خوێنەرە، دەکرێت بخرێنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی پۆرنۆگرافیاوە..

**وشە سەرەکییەکان:** گوزارشتکردن، مەبەست، هۆکار، ئامانج، ئیرۆتیکا

## ١. پێشەکی

سێکس تاکە پرۆسەیە بۆ بەردەوامی ژیان لەلای هەموو زیندەوەران بە گشتیی و مرۆڤیش بە تایبەتی. لەبەر ئەوەی ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە، پێویستە وەکو ئاوێنەیەکی ساف و بێگەرد واقیع بە هەمو جوانیی و دزێوییەکانییەوە، بە هەمو وتراو و نەوتراوەکانییەوە، بە هەموو ڕێپێدراو و قەدەغەکراوەکانییەوە، بخاتەڕو. لەم ڕوانگەیەوە بابەتی (سێکس) و هۆکار و مەبەستەکانی مەزراندنیمان لە ڕۆمانی کوردیدا کرد بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

بێگومان توێژینەوەکەی ئێمە یەکەم توێژینەوە نییە لەم بوارەدا، پێشتر چەندین توێژینەوەی تر لەم بوارەدا نوسراون و بلاوکراونەتەوە، بەڵام تەواوی ئەو توێژینەوانە تایبەت بونە بە شیعر نەك چیرۆك و ڕۆمان. ناوی ئەو توێژینەوانەش لە لیستی سەرچاوەکاندا دەکەونە بەردیدی خوێنەر.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پشتمان بە میتۆدی وەسفیی –شیکاریی بەستووە. توێژینەوەکەش بریتییە لە دەستپێکێکی تیۆریی کە تیایدا تیشکمان خستووەتە سەر زاراوەی ئیرۆتیکا لە ئەدەبی جیهانی و عەرەبی و کوردی و بۆچوونی خۆشمان لەبارەیانەوە، بە تایبەتیش زاراوە کوردییەکان، خستووەتەڕو.

دواتر لە سێ تەوەر یان سێ خاڵدا، هۆکار و مەبەستەکانی مەزراندنی دیمەنی سێکسیمان لە ڕۆمانی کوردیدا خستووەتەڕو کە بریتیین لە:

**١.** دیمەنی سێکسیی وەکو هۆکاری گوزارشتکردن.

**٢.** دیمەنی سێکسیی وەکو هێما.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٩ ئەیلوول ٢٠١٨؛ پەسەندکردن: ٢٧ کانوونی دووەم ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: jalal.anwer@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ جەلال ئەنوەر سعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp22-31

**٣.** دیمەنی سێكسیی وەكو ئامانج.

## ٢. زاراوە و پێناسەی ئیرۆتیكا

قسەكردن لەبارەی دیمەنی سێكسیی و هۆكار و ئامانجەكانی مەزراندنی لە ڕۆماندا، دەمانباتەوە بۆ ناو بواری ئیرۆتیكا، بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەكی –ئەگەر كورت و خێراش بێت– لەسەر ئەم زاراوەیە و پێناسەكەیدا بكەین.

زاراوەی ئیرۆتیك لە وشەی ئیرۆتیكۆس (Erotikos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە و بناغەی ئەمیش وشەی ئیرۆس (Ros) یان (Eros)ە، كە خواوەندی ئەوین و خۆشەویستییە لە لای یۆنانییەكان (ئەحمەد، ٢٠١٢)، لە ئێستاشدا مەبەست لێی ئەو ئەدەبە "ئەویندارییەیە كە جەخت لە خواست و ئارەزو و چێژەكانی جەستە دەكات" (ئەسوەد، ٢٠١٥).

لە ئەدەبی عەرەبیشدا، بە زۆریی (الادب المكشوف) و (الادب الايروسي)ی لە بەرانبەر (Erotic Litterature) بەكاردێت (حمراني، ٢٠٠٧)، هەرچی (عبدالعاطي كيوان)ە، ئەوا زاراوەی ئەدەبی جەستە (ادب الجسد) بەكاردێنێت (كيوان، ٢٠٠٣).

لە ئەدەبی كوردیشدا بۆ وشەی ئیرۆتیكا، (مارف خەزنەدار) دەستەواژەی ئەدەبی كراوەی بەكارهێناوە (خەزنەدار، ١٩٩٢) و (پێشڕەوی سەید برایم) یش وشەی (ڕوتەمەنی)ی بەكارهێناوە (سەید برایم، ٢٠٠٨)

بەر لەوەی بێینە سەر پێناسەی ئیرۆتیكا، بە پێویستی دەزانین هەڵوەستەیەك لەسەر هەردو زاراوە كوردییەكە بكەین.

یەكەم: زاراوەی ئەدەبی كراوە یان شیعری كراوە كە مارف خەزنەدار بەكاریهێناوە بە هیچ شێوەیەك چەمك و واتای ئیرۆتیك لەخۆ ناگرێت و جگە لەمەش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئێمە زاراوەی (دەقی كراوە و دەقی داخراو) مان هەیە كە بە پێی ئاستی ڕاڤەكردن و تەئویلكردنی دەق، كراوەیی و داخراویی دەقەكە دەستنیشان دەكات، هەربۆیە ئەم زاراوەیە لێرەدا گونجاو و لەبار نییە.

دووەم: زاراوەی (ڕوتەمەنی) یش كە پێشڕەوی سەید برایم بەكاریهێناوە و هەندێك بەڵگە و پاساویشی بۆ بەكارهێنانی هێناوەتەوە، گوایە ئیرۆتیك لە وشەی (ڕوت)ی كوردییەوە نزیكە و لە هەندێ ناوچەی بناری قەندیل دەڵێن:"غەزال ئیروتە" (سەید برایم، ٢٠٠٨). دەتوانین بڵێین نزیكیی وشەی ئیرۆتیكی یۆنانی لە وشەی ڕوتی كوردییەوە لە ڕێككەوت زیاتر نییە، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە ئەو ناوچانەی بناری قەندیل تەنیا لەو سیاقەدا (ئی) لە پێش وشەی (ڕوت) بەكارناهێنن، بەڵكو لە پێش زۆر وشەی تریشەوە بەكاریدەهێنن وەكو (ئی كوڕتە، ئی درێژە، ئی گەورەیە...هتد). ئەمجا لە ڕوی داڕشتنەوە (ڕوتەمەنی) كە لەسەر شێوەی (ساردەمەنی، شیرنەمەنی، هەویرەمەنی، خواردەمەنی) و زۆر وشەی تر لە ڕێگەی پاشگری (مەنی) یەوە دروستبووە، بەڵام ئەگەر سەرنجبدەین هەمووو ئەو وشانە تایبەتن بە خواردن و خواردنەوە، بەڵام (ڕوتەمەنی) نە خواردنە و نە خواردنەوە. وەكو چەمكیش (ڕوتەمەنی) زیاتر لە چەمكی (پۆرنۆگرافیا) وە نزیكترە كە مەبەست لێی "ئەو نوسین و وێنانەی لەبارەی ژیان و ڕەوشتی ژنی لەشفرۆش و ژنانی شەبەقی و سێكسی دەدوێت" (ئەسوەد، ٢٠١٥) بەڵام دیسان وەكو زاراوە نە بۆ ئیرۆتیكا و نە بۆ پۆرنۆگرافیا گونجاو و لەبار نییە. بە بڕوای ئێمە لە بری ئەم دوو وشەیە، باشترە یان هەر وشەی ئیرۆتیكی یۆنانی بەكاربێت كە ئێستاش هەر زۆر بەكاردێت، یانیش زاراوەی (ئەدەبی جەستە) بەكاربێت. چونكە ئەمە زاراوەیەكی گشتگیرە و لە یەك كاتدا، هەم ئیرۆتیكا و هەم پۆرنۆگرافیاش لەخۆدەگرێت، چونكە جەستە كەرەستە یان ئامرازی سەرەكیی هەردوو ئەدەبەكەیە و جیاوازییان تەنیا لە شێواز و مەبەستی باسكردن و خستنەڕویەتی، "لە ئیرۆتیكا بە شێوازێكی ئێستاتیكی دەردەخرێت و لە پۆرنۆگرافیدا بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ و بە مەبەستی وروژاندنی ئارەزوی سێكسیی خوێنەر یان بینەر" بەكاردێت. (ئەسوەد، ٢٠١٥).

لە بارەی پێناسەی ئیرۆتیكاوە، (مجدي وهبه) پێیوایە كە "ئەو نوسینانەن كە پەیوەستن بە پەیوەندییە سێكسییەكان بە هەموو جۆرە جیاوازەكانییەوە" (وهبه، ١٩٨٤). مەبەست لەم پەیوەندییانەش بێگومان پەیوەندییە لەنێوان دوو جەستە كە پەیوەستە بە تێگەیشتن و هەڵوێستی ئێمەوە بۆ جەستەی خۆمان و لە هەمان كاتدا بۆ جەستەی ئەوانی تر. كەواتە ئێمە جەستە خۆمان لە ڕێگەی چاودێریكردنی جەستەی ئەوانی ترەوە دەدۆزینەوە (الحوري، ٢٠١٨). ڕۆماننوسی پیرۆیش (ماریۆ بارگاس یۆسا) وا پێناسەی ئیرۆتیكا دەكات كە "داماڵینی سیفەتی ئاژەڵانەیە لە كردەی سێكسییدا، و گوێزانەوەیەتی بۆ كارێكی هونەریی كە تیایدا خەیاڵ و هەست و فانتازیا و كولتور كۆبێتەوە" (یاسین، ٢٠١٨)، واتە مەرجە بۆ ئەوەی دیمەن یان پرۆسە سێكسییەكە ببێت بە دیمەنێكی ئیرۆتیكیی، پێویستە خەیاڵی بەبەردابكرێت، چونكە ئیرۆتیكا بە بێ خەیاڵ تەنیا دەبێت بە چەند جوڵەیەكی میكانیكیی خاڵیی لە ئێستاتیكا، بەمەش لە هەمو واتا و پەیامێك خاڵیی دەبێتەوە. (ئانا د. گارودا – (Anna D. Garuda) ش ئیرۆتیكا بە "دەڵاڵی* پەیوەندی نێوان سێكس و ئەوین" (سەید برایم، ٢٠٠٨) دادەنێت بە مەرجی ئەوەی كە هەردوو كەسەكە (نێر و مێ) ویستیان لەسەر بێت. هەڵبەت گومان لەوەدا نییە كە ئیرۆتیكا پێشتر لە پەیوەست بە خۆشەویستییەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئەوە ئیرۆتیكا جەخت لەسەر جەستە دەكاتەوە لە دۆخی وروژاوییدا، بۆیە لەم ڕووەوە لەگەڵ خۆشەویستییدا جیادەبنەوە هەر یەكەیان بە جۆرێك لە جەستە دەڕوانن. لە ئیرۆتیكادا جەستە لە كاتێكدا هۆكاری وروژاندن و بزواندنی هەستەكانی مرۆڤە، لە هەمان كاتیشدا ئامانج لەم وروژاندنە هەر گەیشتنە بە جەستە، واتە لە یەك كاتدا جەستە هۆكار و ئامانجیشە. هەروەها لە ئیرۆتیكادا كەسێكی دیاریكراو و هەڵبژێردراوی دڵ و خواست بۆ بەرانبەر لە ئارادا نییە. بەڵام لە خۆشەویستییدا كەسێكی دیاریكراو هەیە و هەمو هەست و خەیاڵی كەسی یەكەم بۆ خۆی داگیردەكات و گەیشتنیش بە جەستەی گرنگترین شت نییە، بەڵكو لە دوای پێكهێنانی هەمو خەونە فانتازیی و خەیاڵییەكانەوە دێت، لە هەموشی گرنگتر لە پراكتیزەكردنی هەستی ئیرۆتیكیدا ترۆپكی حەزەكانی مرۆڤ گەیشتنە بە چێژ، بەڵام ئەم هەستە لە كرداری خۆشەویستییدا نییە، بەڵكو ئامانج تیایدا گەیشتنە بەوی دی، واتە بە كەسی خۆشویستراو (ئەحمەد، ٢٠١٢). كەواتە هەر دیمەنێكی سێكسیی بە شێوەیەكی ئێستاتیكیی پیشانبدرێت و ببێتە هۆی وروژاندنی جەستە و حەز و ئارەزووەكان بزوێنێت، ئەوا دەچێتە خانەی ئیرۆتیكاوە. دەبێ ئەوەش بڵێین كە "ئیرۆتیكا بە پێی ژینگە و كولتوری وڵاتان دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە وڵاتانی ئەفریقیا داتاشینی پەیكەری چوكی پیاو دەكرێ ئیرۆتیكا بێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت بە پۆرنۆگرافیا" (محي الدين، ٢٠١٦) و زۆرجاریش دەرچوونە لە داب و نەریت و بەزاندنی سنور و دیسیپلینە كۆمەڵایەتییەكان.

## ٣. دیمەنی سێكسیی لەنێوان قبوڵكردن و ڕەتكردنەوەی نوسەرانی كورددا

**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp22-31

وێڕای ئەوەی کە کەم ڕۆمان هەیە کە کەم تا زۆر و بە پێی مەبەستی نوسەر دیمەنی سێکسیی تێدانەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە بە پێی زانیاری ئێمە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و قسەی لەبارەوە نەکراوە. ئەمەش بە بڕوای ئێمە بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە، یان ئەوەتا داب و نەریت و دیسپلینی کۆمەڵایەتی وایکردووە نوسەران کەمتر بەلای ئەو بابەتەدا بچن، یانیش ئەوەیە کە بابەتەکەیان بەلاوە گرنگ نەبووە، هەردو هۆکارەکەش بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پاساوێکی زۆر گونجاو نییە. لەبەر ئەوە ناچاربووین بۆ زانینی دید و بۆچونی نوسەران و ڕەخنەگران، پرسیارێکیان ئاراستە بکەین سەبارەت بەوەی ڕا و بۆچوونیان لەبارەی مەزراندنی ئەم دیمەنانە لە ڕۆماندا چییە؟ بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەمیان وەڵامی پرسیارەکەیان دایەوە. ئەوانیش هەر هەمویان لەگەڵ ئەوەدان کە مەزراندنی دیمەنی سێکسیی لە ڕۆماندا شتێکی ئاساییە بەو مەرجەی لە خزمەتی دەق و ڕەوتی گێڕانەوەکەدا بێت و گوزارشت لە پەیامێکی ئینسانیی بکات، ئەمەش لەسەر ئەوە دەوەستێ کە نوسەر تا چەند هونەرییانە و ئیستاتیکییانە ئەو دیمەنانە دەخاتەڕو. چونکە ئەگەر لە پێناو خستنەڕوی مەسەلەیەکی گەورەتر نەبێ، پیشاندانی ئەو دیمەنانە دەقەکە دەکات بە فیلمێکی پۆرنۆیی و ئامانج لێی تەنیا ڕەواجدانە بە ڕۆمانەکەی کە لە بنەڕەتدا شکستی هێناوە لەوەی بتوانێ سەرنج و بیری خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێت*.

## ٤. مەبەستەکانی مەزراندنی دیمەنی سێکسیی لە ڕۆمانی کوردیدا

سێکس تایبەتمەندییەکە، کە لە یەك کاتدا و بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و تەنانەت ڕووەکیشدا هاوبەشە. کەواتە دەبێ باسکردن و مەزراندنی لە ڕۆماندا چ شتێکی نوێ بەدەستەوە بدات؟ بە واتایەکی تر دەمانەوێ ئەوە بپرسین بۆچی ڕۆماننوس هەمو هێز و توانا و خەیاڵی خۆی بەگەڕدەخات بۆ بنیاتنان و مەزراندنی دیمەنگەلێکی سێکسی بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە هەمو وردەکارییەکانی جەستە و پرۆسەی سێکسکردنەکە پێشانی خوێنەر بدات؟ ئایا ڕۆماننوس هەر بۆ سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی غەریزەی خوێنەر ئەم کارە دەکات یان دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم دیمەنانەوە گوزارشت لە هەندێ کێشەی گەورەتر بکات کە لەوانەیە خودی پرۆسەی سێکسەکە هۆکاری ئەو کێشانەبن؟ لێرەدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بەدەستبێنێت. بۆ ئەمەش سێ ڕێگە یان سێ مەبەستی مەزراندنی دیمەنی سێکسیمان دەستنیشانکردووە کە بریتین لە: دیمەنی سێکسیی وەکو هۆکاری گوزارشتکردن، دیمەنی سێکسیی وەکو هێما ودیمەنی سێکسیی وەکو ئامانج.

### ٤.١ دیمەنی سێکسیی وەکو هۆکاری گوزارشتکردن

وێڕای ئەوەی کە دیمەنی سێکسیی لە دەقدا بۆ هەر مەبەستێك بنوسرێت دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی خوێنەر، بەڵام زۆرجار نوسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو دیمەنە سێکسییانەی کە دەیانکێشێت و دەیانخاتەڕو، گوزارشت لە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی بکات، هەندێ جاریش بارودۆخی دەرونیی (تاك) مان پێشاندەدات. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بە سەرکەوتویی پێویستە ڕۆماننوس دوو چاوی گەورە و تیژی هەبێت و ڕاستگۆیانە دیمەنەکان بخاتەڕو، چونکە " ڕاستە کە مرۆڤ لە سروشتی خۆی لادەدات، بەڵام پێویستە واقیعییەتی ڕاستگۆ شتەکان وەکو خۆی بخاتەڕو و چارەسەرییبکات، واتە وەکو (لادان) لێبیڕوانێت" (حمراني، ٢٠٠٧). هەندێك لە ڕەخنەگران پێیانوایە کە، ڕۆماننوس بۆ ئەوەی واقیعی بێت پێویستە خۆی ڕاستەوخۆ تێکەڵی کۆمەڵگا بێت و لە ڕێگەی کارلێك و پێکەوە ژیانەوە درك بە هەمو بەها ئەرێنی و نەرێنییەکان بکات و ئاشکرایانبکات (حمراني، ٢٠٠٧). لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەوە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیە کە دەتوانێت بنیاتی کۆمەڵگا شیبکاتەوە و پەردە لەسەر ناتەواوییەکانی ناو کۆمەڵگا لاببات و خورافاتەکان تێکبشکێنێت و ڕوحی ڕەخنەگرتن لە مرۆڤدا زیندوبکاتەوە. کەواتە بە هیچ شێوەیەك دژی ئەوە نین کە قسە لەبارەی سێکسەوە بکرێت و لە دەقیشدا بخرێتەڕو، چونکە سێکس لایەنێکی مرۆییە کە ماوەیەکی زۆر لەبەر هەر هۆیەك بێت قسەی پێویستی لەبارەوە نەکراوە، بەڵام پێویستە بە شێوازێکی ئەدەبیی بەرز و لە پێناو ئامانجێکی بەرزتردا بخرێتەڕو.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) دا، موکری ڕوبەرێکی فراوانی بۆ سێکس تەرخانکردووە، بە جۆرێك کە خوێنەر لە خوێندنەوەدا وا هەستدەکات کە لە پێشانگایەکی شێوەکاریی تایبەت بە ئیرۆتیکایە، بەڵام موکری هەمو ئەو تابلۆ و دیمەنانەی بۆ مەبەستی گەورەتر و جیاواز لە خۆیان هێناوەتەوە. (کەریم) کە کوڕی پیاوێکی هەژارە و لە دوای مردنی باوکی لە جێی باوکی لە دوکانی پیاوێکی تورکمانی دەوڵەمەند کە بە (حاجی) ناوی براوە، کاردەکات. حاجی زۆرجار کاروباری ماڵەوەش بە کەریم دەسپێرێت. (حاجی) ژنێکی گەنج و تەنیا کچێکی هەیە، کەریم سەرەتا هەر پەیوەندییەکی سەرپێیی لەگەڵ کچی حاجی هەیە و لە سنوری دەستبازیی تێناپەڕێت، بەڵام کە ژنی حاجی پێیان دەزانێت و بە چاوی خۆی دەیانبینێت، ئیتر خۆی حەز لە کەریم دەکات و پلانێك دادەڕێژێت تا ڕۆژێکیان کە حاجی هەندێ شتومەك بە کەریمدا دەنێرێتەوە بۆ ماڵەوە، ژنی حاجی بانگی دەکات تا بیشێلێت و لێرەوە پەیوەندێ سێکسیی لە نێوانیان دروستدەبێت:

هەر کە کەریم زەمبیلەکەی دانا (ئەمنە خان) پەلی گرت مەڕ ئاسا کەوتە دویەوە، بردییە ژووری، پێی گوت:

- دانیشە.

دانیشت، خۆی چووە دەرێ، توند دەرگای حەوشەی کلیل دا (کەریم) بێدەنگ و حەپەسابو، (ئەمنە خان) گەڕایەوە بە کەریمی گوت:

- نەخۆشم..
- ......
- زۆر نەخۆشم.
- ......
- پشتم بشێلە!

کەریم بە شەرمەوە، وردە وردە دەستی بەسەر پشتیا دەهێنا (ئەمنە خان) سوکە ناڵەی شەهوەت وبزوێنی لەدەم دەهاتەدەر دەیگوت:

- توند.. توند.. توندتر..
- ......
- دەی خوارەوە.. خوارتر.. خوارتر..

(کەریم) لە (موعەزەزەوە) فێری سنوری خوارتر بوو! هەر شەرمی دەکرد، زمانی لە گۆ چوبو، ئەمنەخان) کەوتە سەرپشت، گوتی:

- سنگم بشێلە!
- ......
- توند.. توند.. توندتر..

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp22-31

کەریی گوشییە خۆیەوە، کەریم لە شەرما زمانی وشك بوو، حەپەسابوو، (ئەمنەخان) ئەینالآند، مار ئاسا دەتلایەوە، هەندەی گاز لە شان و ملی کەریم گرت جێ دگانەکانی شین بوونەوە.. کەریم هەر بێدەنگ بوو، ئەمنەخان پێی گوت:

- پیاو نیت؟
- ......
- داوەشێیت .. کەی کورد وابووە.

وشەی (کورد) بەس بوو بۆ ئەوەی ئاگر بەر بداتە کەریمەوە.. وەکو پشکۆیەکی گەش کەوتە کار!!

ئەو رۆژە تا دوو سەعاتێ مایەوە.. نیو دیناریش بەخشیشی وەرگرت! (موکری، ١٩٩٨)

لەم دیمەنە سێکسییەدا کە زۆر بە وردی وێنەی کێشاوە، نوسەر دەیەوێت گوزارشت لەو دنیابینییە بکات کە لەناو خەلکی عەوامیشدا باوە، ئەویش بریتییە لە دیدی ژنی تورکمان و پیاوی کورد بەرامبەر یەکتری –هەڵبەت لەبارەی سێکسەوە - , دیارە کە کەریم سەرەتا لەبەر پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی زۆر حەپەساو و ترساوە، ئەمنە خانیش چونکە ئەزمونێکی باشی لەو بوارەدا هەیە و زۆر باش لەو ترس و حەپەساوییەی کەریم تێگەیشتووە، چیتر تاقەتی بێدەنگیی و بێ جوڵەیی کەریی نامێنێ و ناچار پەنا بۆ وروژاندنی هەستی کوردایەتی دەبات کە کەی کورد ئەوەندە ترسنۆك بونە، ئیتر کەریمیش لێرەوە ترس و دودڵییەکەی دەڕەوێتەوە و بۆ ئەمنە خانی دەسەلمێنێ کە کورد قەت ترسنۆك نەبونە و نابن. لێرەوە ئیتر پەیوەندییەکە زیاتر تەشەنە دەکات و بە ئاشکرا لە یەك کاتدا لەگەڵ ئەمنەخان و موعەزەزی کچیشیدا سێکس دەکەن. دواتر یارییەکە فراوانتر دەکەنەوە و موعەزەز گوڵەرانی ئامۆزای دێنێت و ئەمنەخانیش فەیە خانی دایکی گوڵەران دێنێتە ناو یارییەکەوە. گوڵەران کە یەکەم جار کەریم دەبینێت و بە موعەزەز دەڵێت:" بلمر – واتە نازانێت"، موعەزەز لە وەڵامدا دەڵێت:" سەبر ئێلە ئێند گویرە سەن .. ئەتاشد، ئەتاش! واتە –سەبرکە ئێستا ئەیبینی، ئاگرە ئاگر".(موکری، ١٩٩٨) و فەیە خانیش لە وەسفی کەریمدا بە ئەمنە خان دەڵێت:

- بد ئدام! ئدام بەلە ئول. واتە (ئەمەیە پیاو.. پیاو وا دەبێت)

ئەمنە خانیش بە پێکەنینەوە دەیگوت:

- دوغرد..کوردلار بلادلر. واتە (ڕاستە کوردەکان وان) (موکری، ١٩٩٨)

ئەمانە هەمووی بۆچونی ژنی تورکمانە بەرانبەر پیاوی کورد و تەنیا سەرسامن بە توانای سێکسییان، ئەگەرنا لە دیدێکی ترەوە گاڵتەیان بە عەقڵی دێت:

- کەریم کوردە، گێژە ناحاڵییە، کەس باوەڕی پێناکات! (موکری، ١٩٨٨)

هەر ئەم دیدەشیانە کە وایلێکردون بەو هەموو بوێریی و دڵنیاییەوە سێکسی لەگەڵدا بکەن. بەڵام ئەم پەیوەندییە و ئەم یارییە شێتانەیە بەردەوام نابێت، بەڵکو لە خاڵێکدا کۆتایی دێت و زۆر خراپ بەسەر کەریمدا دەشکێتەوە و دەبێت بە خاڵی وەرچەرخانی ڕوداوەکان، ئەویش کاتێك هەر وەکو جاران حاجی شتومەك بە کەریمدا دەنێرێتەوە بۆ ماڵەوە: "کەریم هەر کە دەرگای حەوشەی ماڵی حاجی کردەوە، حەپەسا (یلماز) ی برازای حاجی ڕەزای بینی، (ئەمنەخان- ی) گرتووەتە باوەش، هەر کە ئەوان هەستیان بە کەریم کرد شڵەژان (یلماز) تورە بوو، هەرچەندە (ئەمنە خان) پێی گوت دان بە خۆتا بگرە (کەریم شێتۆکەیە و کوردە) تێناگات! کەچی بێ سودبو (یلماز) یەك دوو شەپازللەی بە کەریمدا کێشا، دەم و لوتی خوێناوی کرد (یلماز) دەنگی بەرزکردەوە، (موعەزەز) لە حەمام بوو، بە پەلە خۆی گۆڕی و هاتە دەرێ و ویستی بپرسێ، چی یە؟ (یلماز) پێشی کەوت و پێی گوت:

- لەبەر ئەوە تێم هەڵدا، لە کونی دەرگای حەمامەکەوە سەیری تۆی دەکرد!

(وەعدێ لە نێوان کەسوکاری یلماز و موعەزەزدا هەبوو کە گوایە موعەزەز بدرێتە یلماز – موعەزەز نەك تەنها پاشگەز بووەوە لە پرسیارکردن، بەڵکو هاوشاوڵی بردە سەر کەریم، بە چنگ و چەپك کەوتە سەرگوێلاکی و لەسەر یەك پێی دەگوت:

- بێ شەرەفی بێ ئابرو.

بێدەنگییەکەی کەریم هانی (ئەمنە خان –یشی) دا هەندێ قسەی سوك بکات:

- بێ ئابرو.. ئەمە لە باتی پیاوەتییەکەمان.. چەند ساڵە بەخێوتان دەکەین، تەماع لە ناموسی کچەکەمان دەکەیت! هەی شەرەفسز (کورد کۆپەگی – واتە کوردی سەگ). (موکری، ١٩٩٨)

ئیتر لێرەوە لەبەر حەیا و ئابڕوی خۆیان هەمو دەبن بە پەری و کەریمیش بە شەیتان، بۆیە ناچار دەبێت هەڵبێت و شار بەجێ بێلێت و دایکی و ژنەکەی بە چوار مناڵەوە بداتە دەستی قەدەری خۆیان و ڕو لەناو شۆڕش دەکات. نوسەر ئەم دیمەنەی وەکو تەواوکەری دیمەنەکانی پێشو هێناوەتەوە و جگە لەو دنیابینییەی کە پێشتر باسمان کرد، دەیەوێ ئەوەمان پێ بلێت کە کەریم هیچ بیر و باوەڕێك پاڵی پێوە نەناوە بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵکو ناچاریی و ترس لە حاجی کە لە شار دەستی دەڕۆیشت و دەترسا لەناوی ببات. ئەوەتا کەریم خۆیشی لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (زێرین) ی تەواردا، دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت:

(- ... من نەهاتومەتە ئێرە بیم بە شۆڕشگێر، چ کەسێ ئامادە نییە گوێ بۆ قسەکانم شل کات و بلێم (من شۆڕشگێر نیم و هەرگیزیش بۆ ئەوە خەلق نەکراوم بکوژم و بمکوژن) هەمو ئەمانەی ئێرە، خۆیان بە شۆڕشگێر دەزانن.. دوکاندار، دەستگێر، وردەفرۆش، دز و قاچاغچیەکەیش، پێیان وایە هەر کەسێ شاری جێهێشت و ڕایکرد و هاتە ئێرە، ئەوا دەبێتە شۆڕشگێر، جەردە، پیاوکوژ، داوێن پیس، سیاسەتچی، لەپاڵ لە خۆبردووانی خاوێن، لەپاڵ دەست پاکانی بێگەرد، لەپاڵ شۆڕشگێرە ڕاستەقینە و سادەکەدا، هەمان بەرگیان لەبەردایە و تەراتێن دەکەن، سنگ دەردەپەرێنن، کەشوفش دەکەن، سەرباری ئەمانەش، خۆ بە هەموو شتێ دەزانن، کەسیشیان پێ پیاو نییە، ڕاستگۆ و شۆڕشگێرە ڕاستەقینەکان، ئەمانە دەبینن، دەشزانن، چۆن و بۆچیش تێکەڵبون، کەچی لێیان بێدەنگن... (موکری، ١٩٩٨). بەمەش نوسەر ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی شۆڕش و جوڵانەوەی کوردیی دەکات بەوەی کە زۆربەی کارەکتەرەکانی بە هەمان شێوەی کەریم و لەبەر هەمان هۆ ڕویان لەناو شۆڕش کردووە و هەر سەرگەرمی تێرکردنی غەریزەی سێکسیی خۆیانن. بەڵگەی ئەم قسانەشی لە دیمەنێکدا دەخاتەڕو، کاتێك دەبینێت جەوهەری هاوڕێی لەناو قامیشەلانێکدا لەگەڵ فاتە و خونچەی دایك و کچدا چۆن تێچووە و ناشتوانێ لە دەستیان ڕزگاری بێت. هەرچەندە دیمەنەکە کەمێك درێژە بەڵام نوسەر تەنیا بۆ ئەوە هێناویەتییەوە کە ڕوی ڕاستەقینەی (شۆڕش و شۆڕشگێر) ەکانمان پیشانبدات کە چ (کوردایەتیی) یەك دەکەن و لەناو شۆڕشدا کەس لەسەر ئەو کارانە سزا نادرێن و لێیناپێچنەوە، بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەو کارانە نەکات بە پیاو نازانرێت و ڕرسواشیدەکەن.

کەریم بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێ، لە خۆڕا، لە حەشارگەکەی خۆیەوە هەڵسا، خۆی ئاشکرا کرد، حەپەسا کە بینی (فاتە و خونچە) بە یەکەوە گوتیان:

- کەریم.. فەرمو!

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp22-31

کەریی بێدەنگ چ وەڵامێکی نەبو.. پێی وابو هەر شتێ بڵێ لەوە زیاتر نییە کە (حەمە کەریم) لە دامێنی هەورازی (زەردکەدا) لە بەفرە ڕۆژێکی ساردا بەو کچە کەڵەگەتەی گوتبوو. کچە بە حەمە کەریی گوتبو:

- کاکی پێشمەرگە، هەڵم ناگری ؟

حەمە کەریمیش بە ئەوپەڕی خوێن ساردییەوە گوتبوی:

- خوشکی خۆم.. گەلێ هیلاکم ناتوانم، تفەنگەکەیشم گەلێ قورسە!

کچە بە جۆرێك پێکەنی بوو فرمێسك بە چاوانیا هاتبوونە خوارێ.. ئەم وەڵامەی حەمە کەریم گەیشتبووە کانی ژنان.. هەر کە ژنان حەمە کەریمیان دەبینی بە دەنگی بەرز بە یەکترییان دەگوت:

- ئەوە پێشمەرگە هیلاکەکەیە!

کەریم دەترسا پێی وابوو هەر وەڵامێ بداتەوە، دەنگی پێکەنینی (فاتم و خونچە و جەوهەر) کاسی دەکەن.. بێدەنگ بوو... (موکری، ١٩٩٨)

بەڵام کەریم (میوانداریی) یەکەیان ڕەتدەکاتەوە و هەر چەندە جەوهەر فاتە و خونچە چ بە خۆشیی و چ بە هەڕەشە هەر قایل نابێت، ئیتر فاتە پێیدەڵێت:

- گەر نەیەیت (جەوهەریشمان شاهیدە، کە تۆ بە زۆر و زۆردارەکی پەلامارت داوین..

کەریم گوتی:

- ڕاست دەکەن

خونچە بە بزەیێکی پڕ ماناوە گوتی:

- وابێ حەز بەوە دەکەی (تڕۆ و چەکت) کەن.. پاشان مەفرەزە بە مەفرەزە بلاَوی کەنەوە، کە تۆ داوێن پیسی، دڵسۆزی شۆڕش و نەتەوەکەت نیت..!

کەریم تێگەیشت، مەبەستی (خونچە) ئەوە بوو کە تێبگەیێنێ، لەناو شۆڕشدا، چ کەسێ لەسەر داوێن پیسی (تڕۆ و چەك) نەکراوە، کەریم بێدەنگ بوو، جەوهەر گوتی:

- کەریم پیاوی چاك بە وەرە.. هەر هیچ نەبێ ڕزگارم کە..!

- .....

(جەوهەر) و (خونچە) و (فاتە) دایانە قاقایێکی ئەوتۆ، دۆڵەکانی (بەرازگر) دەنگدانەوەی پێکەنینەکانیانی دەدایەوە. هێشتا دەنگدانەوەکە نەڕەوی بووەوە، کەریم لە چاوی هەرسێکیان ون بوو.. (موکری، ١٩٩٨).

ئەو قسانەی کەریم بۆ زێڕین و ئەو دیمەنی ڕابواردنەی جەوهەر لەگەل فاتە و خونچە کە چەندین جار دوبارەبووەتەوە، نیشانەی بێ بەرنامەیی و بێ پلانیی و بێ ستراتیژیی جوڵانەوەی کوردییە، واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو دۆخەی کە تێیکەوتووە لە هەمو بوارەکاندا هەر ئەنجام و درێژکراوەی ئەو شێوە خەباتەیە کە کارەکتەرەکانی شۆڕش لەگەڵ (فاتە و خونچە) کاندا ئەنجامیاندەدا.

دوایین نمونەمان لە ڕۆمانی ئەژدیهادا کە نوسەر بۆ گوزارشتکردن لە پرسێکی تردا هێناویەتییەوە، کاتێك کەریم باسی سەرکێشییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ ژنەکانی شاردا و تەنیا پیتی یەکەمی ناوەکانیان بۆ زێڕین دەدرکێنێت، لە زمانی ئەو ژنانەوە جەخت لەسەر پیاوەتیی و لێهاتویی پیاوی کورد دەکاتەوە کاتێك لە وەسفی کەریمدا دەڵێن:"کوردە، لێزانە، دەزانێ، قەدرزانە وەك حیزەڵەکانی خۆمان نییە، ژنانە نییە، پیاوە، ئەمما پیاو!" (موکری، ١٩٨٨) ئەم وەسفەیان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی کەریم و وایلێدەکەن کوردی خۆشبوێ. بەڵام دانەیەکیان تەنانەت پیتی یەکەمی ناوەکەشی ناهێنێت، بەڵام قسەکانی و شێوەی ئاخاوتنەکەی وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر دەردەکەوێت و گوزارشت لە پلەی خوێندنەکەی دەکات و خاوەن ئەزمون و شارەزاییەکی لە سێکسدا هەیە، هەرچەندە ڕاستەوخۆ و بە وردی وێنەی دیمەنەکان ناکێشێت و تەنیا باسی ئەوە دەکات کە زۆری ڕابواردووە لە ڕێی ئەم باسکردنەش و ڕەخنەیەکی زۆر جیددیی و واقیعییانە لە عەقڵی تاکی کورد (بە تایبەتیش پیاوان) دەگرێت بەوەی کە هەموو پیاوەتیی و بیر و هۆش و عەقڵیان لە ناوگەڵیان کۆبووەتەوە، هەربۆیە نە لەناو دەچن و نە دەشبنە خاوەن وڵاتی سەربەخۆی خۆیان.

... یەکێکیان نامەوێ وەکو ئەوانی دی حەرفی یەکەمی ناوەکەشی بدرکێنم، دەترسم پیرۆزی و ڕاستگۆییەکەی لەکەداربکەم، بمبورە، هەر ئەوەندە دەڵێم: چاو شینێکی کەڵەگەت، سنگ بەرز، دەوڵەمەند، خوێندنی لە دەرەوەی وڵات تەواوکردبوو، (مێیاتی) تێکەڵ بە حەرف و کەلیمەکانی بوو، سەرنجەکانی (مێیاتییان) دادەباراند، دەیگوت:

- ئەوەی کوردان شتێکە و هی خەلکی دیش شتێکی دییە!

(زێڕین) بە ڕاشکاوی دەیگوت:

(- زۆربەی میللەتانم تاقیکردووەتەوە، هەزاران دینارم سەرف کردووە بە تەجرەبە گەیشتومەتە ئەم قەناعەتە: (مادامێ کورد خاوەنی ئەم هێزەیە، ئەوا هەرگیز لەناو ناچێ.. مادامێکیش پشت ئەستوری تەنها (پیاوەتییە) هەرگیز نابێ بە شتێ، لەنێو مان و نەماندا دەژی، بەڵام هەرگیز نامرێ، هەرگیزیش نابێتە خاوەنی ئەو ئەستونە کە ئاڵای پێ هەڵکا، چونکە ئەستونێکی دی کردووەتە بریکار!) (موکری، ١٩٩٨)

لە ڕۆمانی (ئەودیو سنور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا) ی (ئیسماعیل حەمە ئەمین) دا، سێکس ئامادەییەکی بەرچاوای هەیە و چەندین دیمەنی سێکسی بۆ گوزارشتکردن لە جیاوازی شێواز و دنیابینی دو کولتوری جیاواز لە یەك خراوەتەڕو، هەمو دیمەنەکانیش بە زمانێکی ئاشکرا و بێ پەردە وردەکارییەکانی پرۆسەکە دەگێڕێتەوە، ئەمە وایکردووە کە دیمەنەکان درێژبنەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنیا یەك دیمەنێکیان وەردەگرین کە لە ڕێگەیەوە نوسەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر جیاوازیی تێڕوانین و شێوازی ئەنجامدانی پرۆسە سێکسییەکە لە نێوان خۆی و (نیگار) ی هاوسەری لە لایەك و لە نێوان خۆی و ئەکسانای مەعشوقی لە لایەکی ترەوە. (نیگار) ی هاوسەری ژنێکی ڕۆژهەڵاتی درِ، کە دەیەوێت هەمیشە بە سێبەرەکانی مێینەیی خۆی ئیسماعیل داگیربکات، واتە عەشق ئەگەر لە ئاراشدابێت وەکو هۆکار و ئامرازێکە بۆ سێکس و خۆ سەپاندن، هەر سێکسەکە تەواودەبێت عەشقەکەش دەبێت بە هەڵم. هەڵبەت بۆ ئیسماعیلیش هەر هەمان شت بووە. هیچ شتێك بە نیگارەوە نایبەستێتەوە و تەنانەت سێکسەکەش هەر وەکو ئەرکێکی ئینسانیی و ئەخلاقیی ئەنجامدەدات و ڕۆژگار بەڕێدەکات.

هەموو شتێك لەنێوان من و نیگاردا تێکەڵەیەك بوو لە هەستکردن بە نامۆیی و داگیرکردنی جەستە و ڕۆحی یەکتری، شەڕی سێبەرە نەبینراوەکانی هەردوکمان بو، تەنانەت لەسەر جێگاش، شەڕی سێکسوالیەتی من و کرانەوەی جەستەی ئەوبو بۆ ئاودانی کەلێنەکانی جەستەی مێینەیەك بڕیاریداوە لەسەر جێگا وەك لیمۆیەك تا دوا دڵۆپ بتگوشێت و بتخاتە نێو جەستەی خۆیەوە. هەموش شتێك لەنێوان تۆپۆگرافیای سەرکەوتن و دۆڕاندا خۆی دەبینییەوە. منیش زۆر جار چێژم لەوە دەبینی کە بۆ چەند جارێك نیگارم دەبردە ئەوسەری چێژ و لە دواجاردا وەك سەربازێکی دۆڕاو ئاوها لە بەردەمی ڕوتی مندا بە کێرێکی قوتەوە پاڵدەکەوت و چونەناوەوە زیاتر ئازاری دەدا وەك لەوەی چێژی پێببەخشێت، لەو چرکەساتانەدا ئۆرگازم شتێك بو لە سەرکەوتن بەسەر تۆبۆگرافیای مێینە. لەم نێوەندەدا هیچ

پەرستگایەك نەبو، هیچ سێبەرێکی هێمن نەبو، ئەوەی هەبوو تەنا زۆرانبازی و شەڕێکی بێئامانی ڕۆحی نێوانمان بو لەسەر جێگا و لە وردەکارییەکانی ڕۆژانەی ژیاندا درێژەمان پێدەدا.. (حەمە ئەمین، ٢٠١١).

بەڵام حاڵەتەکە لای ئەکسانای ئەوروپی شتێکی ترە، بۆ گەیشتنە بە عەشق. واتە سێکس هۆکارە و عەشق ئامانجە. کەواتە دیمەنەکەش ئەگەرچی لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هەستی دەوروژێت، بەڵام زیاتر بۆ پیشاندانی ئەو جیاوازییە نەك وروژاندنی هەستی خوێنەر.

هاوکێشەکە لەگەڵ ئەکسانا پێچەوانەبو، ئەشق لە دوای هەمو چێژ و هەوەسێکەوە خۆی بانگەشە دەکرد، بەبێئەوەی من پابەست بکات بە خۆیەوە. بەبێ ئەوەی هەست بکەم داگیردەکرێم. یاخود شەڕێکی ئیرادەگەری بێئامان هەیە لەگەڵ ئەویتر. ئەوە ئەشقێك بو بەبێ بونی هیچ وابەستیەك خۆی لە فۆرمە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەکرد، ئەشقێك ئەکسانا گوتەنی تاکتیکی موزیکییە دەیەوێت دوای ریتمەکانی بکەوم. بەبێئەوەی من پابەند بکات بە دیسیپلینەکانی خۆیەوە، ئەشقێکە بە ئاسانی لەدوای تێربون و لە دەرەوەی هەمو پێویستییەکەوە هاتبوو. ئەشقێك سەربەستی ناولێنانی دەبەخشێت بە خۆی و بە ئاسانی بە هەڵکەوت دەڵێت: ئەمە ئەشقەکەمە، بەبێ هیچ پێشەکی پێناسە و مێژویەك. (حەمە ئەمین، ٢٠١١).

## ٤.٢ دیمەنی سێکسیی وەکو هێما

ژن و جەستەی ژن لە ئەفسانە کۆنەکاندا، هەر لە عەشتارەوە هەتا ئەفرۆدێت هێما یەك بونە بۆ گەشەسەندن و بەپیتیی و بەرەکەتیی و خۆشەویستیی، هەروەها هێما بووە بۆ ناپاکیی و داوێن پیسیی و تاوان وەکو پیرسیفۆنی کچی زیۆسی خوای خواوەندەکان (القاسمي، ٢٠٠٦). لە ڕۆمانیشدا ژن زۆرجار هێمای نیشتمان و قوربانیی و خۆڕاگرییە، دیارە هەمو ئەم هێمایانە بە پێی ناوەڕۆك و جیهانی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت. دیارە کە نوسەر لەبەر دو هۆ پەنا بۆ بەهێماکردن دەبات، ئەویش ئەوەیە کە یان نایەوێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرت ئاسا هەمو شتێك پێشکەش بە خوێنەر بکات کە لەوانەیە زۆرجار ببێتە هۆی وەڕسیی و بێزاریی لای خوێنەر، بۆیە شتەکە دەپێچێتەوە و دەیەوێ خوێنەر بەشداربێت و خۆی کۆدەکان کەشفبکات و شییانبکاتەوە، لە هەمان کاندا مۆرکێکی ئیستاتیکییش بە دەقەکە دەبەخشێت. هۆی دووەمیش سیاسییە، زۆرجار نوسەر لەبەر سانسۆری سیاسیی و هەندێجار دابونەریتی کۆمەڵایەتیش ناچاردەبێت کە شتەکان ڕاستەوخۆ نەدرکێنێت و بە هێما ئاماژەیان پێبکات.

لە ڕۆمانی ئەژدیهادا، نوسەر ژنی لە میانەی دیمەنێکی سێکسییدا وەکو ڕەمزی وەفاداریی و خۆراگریی و قوربانیدان و پاکیزەیی خستۆتەڕو. (پەری) کە کچی جوتیارێکی هەژارە دەکرێ وەکو ڕەمزی دایکی نیشتمان سەیربکرێت، و دڵدار و ئەویندارى (وەلی) یە کە ئەمیش هەر کوڕی جوتیارێکی هەژارە و دەکرێ وەکو میللەتی کورد کە هەژار و بێکەس و مەزڵومە سەیربکرێت. بەڵام میر ئەسەدوڵڵا کە میرێکی زاڵمە هێمای داگیرکەری ستەمکارە، بڕیار و نەریتی وایە کە هەر کچێك شو دەکات یەکەم شەو دەبێ بێتە لای میر، میر زۆری حەز لە پەرییە، بەڵام پەری و وەلی ئەم دەستورەی میر پشتگوێدەخەن و زۆر بێ باکانە زەماوەندی خۆیان دەکەن. هەتا دەبن بە خاوەنی کوڕ و کچێك ئیتر میر سەبر و جڵەوی لەدەستدەدات وپلانێکی مەحکەم دادەڕێژێت. شێخەکەوباز ڕادەسپێرێت بوختانێك بە پەری بکات. ئەویش وەلی دەکوژێت و دەڵێ پەری پێیکردم هەتا ئەوەی لە بەینی من وپەریدایە ئاشکرانەبێت. میر ئەسەدوڵڵاش شێخەکەوباز دەکوژێت و دەڵێ ئەمە بوودەڵەیە و بوختان بە پەری دەکات کە هەمووان دەزانین پەری چ فریشتەیەکە, بۆیە دەبێ پەری ومناڵەکانی بێنە ناو حەرەمسەراکەی منەوە تا لە دەستی کەسوکاری وەلی پارێزراوبن، خەڵکەکەش پشتگیریی دەکەن و بە بیرۆیەکەیەکی باشی دەزانن، بەم کارەشی نهێنی پلانەکەی دەشارێتەوە، بەڵام تەنیا پەری دەزانێت کە ئەوە هەمووی پلانی میر خۆیەتی بۆ گەیشتن بە مەرامە گڵاوەکەی خۆی, پەری و میر دەچنە ژوورێکی حەرەمسەرا و هەر ئەو شەوە میر ئەوەندە تامەزۆر و بە پەلەیە دەیەوێت دوا بڕگەی پلانەکەی جێبەجێبکات، بەڵام پەری نە بە قسەی خۆش و نە بە هەڕەشە و تەنانەت میر هەر دوو کوڕ و کچەکەشی لەبەر چاوی سەردەبڕێت، بەڵام پەری هەر خۆی بە دەستەوە نادات. میر لەم نەترسانەی پەری شێتگیر و هارتر دەبێت. لە ڕاستییا هەردووکیان هەر دەترسن، میر لە ترسی ئەوەی بێ تێربون لە پەری بمرێت، پەریش لە ترسی ئەوەی بە سەرشۆڕیی بمرێت، بۆیە پەریش پلانی خۆی دادەڕێژێت:

دەڵێن:

ئەو شەوە (میر) پەلاماری (پەری) دەدات، کەچی وەك (موی نێو هەویر دێتە دەستی)، میر دەحەپەسێ لە خۆشییا خۆی لەبیردەکات (پەری) پەلاماری خەنجەرەکەی (میر) دەدات، دووجار بۆ میری دادەوەشێنێ، جارێکیان بەر گازەرەی پشتی دەکەوێ، جارێکی دیش لای ڕاستی سنگی هەڵدەتلیشێنێ.. (میر) دەستی پەری بە خەنجەرەکەوە دەگرێ، هەر بە دەستی (پەری) خەنجەرەکە دەچەقێنێتە سەر دڵی (پەری) لەو بگرە و بەردەیە، نۆکەر و دەست و پێوەندەکانی (میر) ڕو لە ژووری دەکەن.

دەڵێن:

تازە بولێل بوو، هەر کە دەرگاکە دەکەنەوە، هەر هەموویان واقیان وڕدەمێنێ، لە ترسانا هەر ئەوەیە زارەترەك نابن.. لەبەر چاویان (پەری) دەبێتە تەوارێکی زەرد، هەردوو مناڵەکەیش –کچەکە دەبێتە تەوار و کوڕەکەیش دەبێتە هەڵۆ...

یەکسەر دەدەنە شەقەی باڵ و لە دەرگای ژوورەکەوە دەردەچن لەملایشەوە دەبینن (میر) لەنێو خوێنی خۆیدا دەگەوزێتەوە، هەر ئەو ڕۆژە ناوی (پەری) دەبێتە زێڕین.. گەورە و بچووك پاش بیستنی بەسەرهاتی (پەری) بە پیرۆزییەوە ناوی زێڕین لەسەر زاریانەوە دەهاتەدەر...

سوێندی قورسیشیان (زێڕین) بو.

دەڵێن:

(میر) دێتە گۆ و سەراپای ڕوداوەکان بە وردی بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕێتەوە.. پاشانیش هەر ئەوان بۆ کەلوەزنشینانیان گێڕابووەوە.

دەڵێن:

(میر) لەگەڵ گێڕانەوەی ڕوداوەکە، وردە وردە ڕەنگ دەبوێرێ و تێکدەچێ و ڕەنگی بەرازی لێ دەنیشێ.. بەبەر چاوی ئەو خەڵکەوە، دەبێتە بەراز، لە دەرگاوە فرتە دەکات و ڕووە و زنجیرە چیای (میران) هەڵدێ.. هەر کە ڕۆژ بووەوە هەمو خەڵکی (شێران) بەسەرهاتی (میر) و (پەری) دەبیستن..

هەر هەمان ئەو ڕۆژەیش ناوی زنجیرە چیای (میران) دەبێتە (بەرازگر). (موکری، ١٩٩٨)

دیارە کە پەری بە تەواوی لە ناخی میر گەیشتووە و مێیاتی خۆی یەك جار و دواهەمین جار دەکاتە چەکێك و میری پێ ڕامدەکات، میریش لە خۆشی گەیشتن بە مەرامە گڵاوەکەی خۆی لەبیر دەکات و بە دەستی پەری بەکوشت دەچێت. ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك دەستی گڵاوی میری داگیرکەر بیگاتێ و گڵاوی بکات.

دیمەنەکە ڕەهەندێکی ئەفسانەییشی لەخۆگرتووە، پەری دوای ئەوەی دەکوژرێت ڕۆحی لەگەڵ ڕۆحی کوڕ و کچەکەی دەبن بە تەوار و هەڵۆ و لە شەقەی باڵ دەدەن و ئازاد دەبن، هەڵبەت سروشتی هەڵۆ و تەوار ئەوەیە کە هەمیشە ئازادن و لە بەرزییدا دەژین و دەفڕن، لەلای خەڵکیش بە پیرۆز دەزانرێت و هەمیشە سوێندی بەسەردا دەخۆن. هەرچی (میر) ە دەبێت بە بەراز کە لەلای میللەتانی موسلمان بە تایبەتی ئاژەڵێکی پیس و نەفرەت لێکراوە.

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی و ڕۆمانی (ئەودیو سنور) ی (ئیسمایل حەمە ئەمین) یشدا، ژن وەکو ڕەمزی وەفاداریی و قوربانیدان بەکارهاتون. (دالیا سیراجەدین) لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دا، کە کچێکی کوردە و خەڵکی شارێکی کوردستانە، خوێندکاری زانکۆیە لە پایتەخت، ئەوینداری کوڕێکی عەرەبە بە ناوی (باسم الجزائري) کە خوێندکاری ماستەرە لە ئەدەبی ئینگلیزی، هەمو خەون و هیوا و ئامانجی ئەوەیە کە باسم ماستەر تەواوبکات و ببنە هاوسەری یەکتر، بەڵام ئەو خەونەی دەبێتە بڵقی سەر ئاو، چونکە هێشتا باسم لە سەرەتای نوسینی نامەکەیدایە، کە ڕۆژێك ئۆتۆمبێلێکی جام ڕەشی دەوڵەت دێن باسم دەبەن و چیتر ناگەڕێتەوە. لێرەوە ئیتر کارەساتەکانی ژیانی دالیا دەستپێدەکەن. چونکە بێ باسم ناتوانێ بژێت، بۆیە ئامادەیە هەمو شتێك بکات لە پێناو ڕزگارکردنی باسمدا، دەشزانێ تاقە ڕێگایەك کە دواهەمین ڕێگایە کە لەوانەیە بتوانێت باسمی پێ ڕزگار بکات، ئەویش:

"ڕێگای خۆ نزیککردنەوەیە لە پیاوانی دەوڵەت، خەوتن لەگەڵیاندا. بە ڕێگایەکی زنجیرەیی ئاڵۆزدا دەڕوات کە تیایدا هەر بەرپرسێك دەیکات بە دیاری بۆ ئەوی دی، دەینێرێت بۆ لای یەکێك لە خۆی بالآتر، هەر یەکێکیان دەیخاتە خەیاڵییەوە کە ئەوی دی نهێنی و هەڵگری شیفرەکانی ڕزگارییە، لە پێخەفی پاسەوانەکانەوە دەگاتە پێخەفی ئەفسەرەکانی ئاسایش، لەوێشەوە ناو جێگای بەڕێوەبەرەکانی زیندان، لە دەست دەلاڵەکانی حیزبەوە دەگاتە ژووری خەوتنی وەزیرەکان، پاسەوانەکانی سەرۆك تاقیدەکانەوە. لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی ئەنجومەنی شۆڕشدا دەخەوێت. لە ڕۆژنامەنوسەکانەوە دەگاتە ژێر زەمینی لابورە گەورەکانی تاقیکردنەوە لەسەر مرۆڤ، لە هەمو جێگایەکدا بە دوای باسم جەزائیریدا دەگەڕێت، لەگەڵ هەر کەسێکدا بخەوێت مەرجی ئەوەی لەگەڵدا دەبەستێت کە بە یەکێکی گەورەتری بناسێنێت کە بتوانێت یارمەتیبدات. هەندێ جار دەگاتە ناو زیندانە تاریکەکان، لەویادا ئەو زیندانیانە دەبینێت کە چەندەها ساڵ ڕوناکییان نەبینیوە، ئەوانەی بە منداڵی هاتون و بە گەورەیی لەوێدا دەمرن، بەڵام لە هیچ جێگایەکدا ئاماژەیەك یان ئاسەوارێکی بچوك کە بچێتەوە سەر باسم وەلید جەزائیری، نادۆزێتەوە." (عەلی، ٢٠٠٥).

هەربۆیە ئیتر نائومێددەبێت، چونکە تێدەگات ئیتر لە بری ئەوەی وەك کچێك کە بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی تەنانەت شەرەفیشی کردووە بە قوربانی، وەك سۆزانییەك تەماشا دەکرێت. هەر بۆیە لەو گەمە ئاڵۆزە دەردەچێت و بە هاوکاری ژنێکی هاوڕێی دەچێتە شارێکی دور لە بیابان و لە یانەیەکی شەوان دەبێت بە سەماکار. ماوەیەکی زۆر لەو یانەیە دەمێنێتەوە و دیسان چەندین ئەفسەری پلە بەرزی دەوڵەت دەناسێت، هەتا ڕۆژێکیان یەکێك لەو ئەفسەرانە دالیا دەباتە سەردابێکی گەورە کە پڕە لە فایلی ئەو زیندانیانەی کە کوژراون و بواری دەداتێ کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کە خۆی خەفەرە، لەناو ئەو فایلانەدا بگەڕێت، ئەگەر فایلی باسم بدۆزێتەوە ئەوا واتە کوژراوە، ئەگەرنا واتە هێشتا لە ژیاندایە. هەڵبەت ئەم خزمەتەی ئەم فسەرە بە دالیا بە خۆڕایی نییە، بەڵکو جەستەی دالیایە کە هەموو ڕۆژێکی هەفتەکە ساتێك لەناو ئەو فایلانە سێکسی لەگەڵ دەکات، هەتا لە ئێوارەی شەشەمین ڕۆژدا فایلی باسم دەبینێتەوە:

" لاپەڕەی یەکەمی هەڵدەداتەوە، بە خەتێکی جوان نوسراوە "المتهم باسم وليد صبحي الجزائري" لاپەڕەکانی فایلەکە هەڵدەداتەوە و لە دواهەمین لاپەرەدا بڕیاری مردنەکەی دەخوێنێتەوە "حكم عليه بالموت و على الجهات المسئولة تنفيذ الحكم". بە هێمنی فایلەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە شوێنێکی تایبەتی، دەموچاوی دەشوات، بە هەمو توانای خۆی فرمێسك و ژانەکانی دەباتەوە ناوەوە, لە جانتا دەستییەکەی مکیاجەکانی دەردێنێت و مەکیاجێکی تەواو دەکات، دەچێتەوە سەرێ، بە دالآن و ڕواقە درێژەکاندا تێدەپەڕێت، گڕەی ئێواران لە حەوشەکەدا لێیدەدات، دەچێتە ژووری ئەفسەرەکە، فایلەکە لەسەر مێزەکەی دادەنێت و پەردەکان دادەداتەوە و لەبەر ڕوناکی گڵۆپێکی زەردا خۆی ڕوتدەکاتەوە و بۆ دواهەمین جار لەگەڵ دواهەمین پیاودا دەخەوێت." (عەلی، ٢٠٠٥).

وەك دەبینین بەختیار هەرگیز دیمەنە سێکسییەکان بە وردیی وەکو کامیرایەك ناخاتە بەرچاو، بەڵکو تەنیا باسی چۆنیەتی دروستبونی پەیوەندییەکە و ئاڵوگۆڕی دالیا لە لایەن بەرپرسەکانەوە بە خێرایی باسدەکات، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە کە ئاست و قەبارەی وەفاداریی و قوربانیدانی دالیا پیشانی خوێنەربدات لە بری ئەوەی هەست و غەریزەکان بوروژێنێت.

(مارێلا) ش لە ڕۆمانی (ئەودیو سنور) دا، کچێکی ئۆکرانییە و لە ئەورووپا شوی بە (ئەردەشێر) کردووە کە کوڕێکی فارسە و بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوی لە ئەورووپا کردووە. ئەردەشێر وێڕای دژایەتیی و ناڕەزایی خانەوادەکەی بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ مارێلا، بەڵام ئەو هەر سوربووە مارێلای خواستووە، بۆیە کەسوکارەکەی حاشایان لێیکردووە. دواتر کە دێنەوە بۆ ئێران لەبەر ئەوەی ئەردەشێر چالاکوانێکی سیاسیی کۆمۆنیست بووە و ئەندامی حیزبی تودە بووە، لە هەمان کاتیشدا دایکی کوردبووە، چەندین جار زیندانی دەکرێت و ئازاد دەکرێت، بەڵام دواهەمین دەستگیرکردنی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت و مارێلاش تەواو لەو دۆخە ماندو دەبێت، سەردەکات بە چەندین دەرگای ئیتیلاعات و مەلا و ئیمام و مورشید و ... هتد بێ سودبووە، تا لە کۆتاییدا لێپرسراوێکی بەرزی پەرلەمانی دەناسێت کە لە هەمان کاتدا زانایەکی گەورەی ئاینیی بووە، بەڵێنی پێدەدات کە وێڕای قورسیی کەیسەکەی بەلآم لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە زیندانە و تۆبەشی کردووە، دەکرێت ئازاد بکرێت بەو مەرجەی کە مارێلا داوای تەلاقی خۆی بکات کە تەلاقێکی شەرعییە و دواتریش کاکی بەرپرس خۆی سیغەی بکات. مارێلا بە ناچاریی ڕازیدەبێت.

"مارێلا بۆ جەنگیزی گێڕابۆوە کە ئەوە تاکە دەروازەی بۆگەنی بو بۆ قوتاربون لەو ساڵە دور و درێژانەی چاوەڕوانیی، چاوەڕوانییەك کە ئێسقانی دەهاڕی، چیدی هیچ بوارێکی بۆ هەناسەدان نەهێشتبۆوە، مارێلا دەیگوت؛ بۆن قەوزەیەکی شێدار بو لە سیەکانمدا ڕۆژ بە ڕۆژ جۆرە هەستکردنێکی بە قێزەونی لە هەمو شتێکدا لە لا دروستدەکردم، کە ئیدی هەستمدەکرد لە نێو قەبرێکدام و لەسەرخۆ تاشەبەردی زەبەلاح و ڕوناکی هەوام لێ زەوت دەکەن، جگەرە بو بە هاوڕێیەکی هەمیشەییم، بە شێوەیەکە کە بۆنی تەپڵەکم لێدەهات، کە ئایەتولآکەش لە بەکەم شەوی سیغەماندا دەمی خستە دەممەوە ئەوەی پێگووتم، پێمگوت شوێنی دیکە زۆر هەیە دەمی تێبخەی، من وەکو هەمو سۆزانییەك، نەمدەهێشت ماچم بکات، سۆزانییەکان ڕقیان لە ماچە و ماچەکان بۆ خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە دەپارێزن، لە ترس ئەوەی ئەو بەوە نیگەران نەبێت هەمو ڕۆژێك پێش ئەوەی بچم بۆ لای ئەو جگەرەیەکی زۆرم

دەکێشا، جگەرەکێشان قوتاربوونێك بوو لە ماچکردنی دڕندەیەکی چڵێس و شەهوانی..." (حەمە ئەمین، ٢٠١١).

ئەگەر بەراوردێکی (پەری) و (دالیا) و (مارێلا) بکەین، لەو سێ ڕۆمانەی سەرەوە، هەرسێکیان وەفادار و قوربانین. بەڵام پێگە و ئاستی قوربانییەکەی پەری لەو دوانەی تر بەرزتر و گەورەترە، چونکە پەری هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دڵدارەکەی لە دەستەڵاتی میر یاخی دەبن و بەرگری لە عیشقی خۆیان دەکەن، سەرەتا وەلی دەبێتە قوربانیی و دواتریش پەری ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك خۆی بە دەستەوەبدات بۆ تێرکردنی شەهوەت و چڵێسیی میر، تەنانەت سەربڕینی هەردو کوڕەکەشی کۆڵی پێنادات، تەنیا بۆ چەند ساتێك مێیاتی خۆی وەکو چەکێك بۆ ڕامکردنی میر بەکاردێنێت و میر دەکوژێت و تۆڵەی وەلی و کوڕەکانیشی لە میر دەکاتەوە، ئەگەرچی خۆیشی هەر بەدەستی میر دەکوژرێتەوە، بەڵام هەتا دوا هەناسە سازش لەسەر شەرەف و کەرامەتی خۆی ناکات، واتە بە هیچ شێوەیەك بۆ ژیان ناپاڕێتەوە. هەرچی (دالیا) و (مارێلا) ن بەرگرییەکی سەرسەختانە لە عیشقەکەیان دەکەن و لەو پێناوەدا سازش لەسەر شەرەف و کەرامەتی خۆشیان دەکەن. (دالیا) ش پێگەی کەمێك لە مارێلا بەرزترە چونکە ئەوەی کە فەرمانی لەسێدارەدانی دڵدارەکەی دەبینێت چیتر لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا ناچێتە ناو جێگاوە، بەڵام دواتر دەردەکەوێ کە ئەو فەرمانە جێبەجێنەکراوە و باسم ئازاد دەبێت و دالیا دەبینێتەوە و عیشقەکەیان زیندوو دەبێتەوە. بەڵام (مارێلا) وێرای ئەو قوربانیی و سازشکرنە بە شەرەف و جەستەی خۆیەوە، هەموو ڕەنجێکی بە خەسار دەچێ، چونکە ئەردەشێرێکی ڕوخاو لە زیندان ئازاد دەبێت، چونکە ئیعتیرافی لەسەر هەمو خانەکانی ڕێکخستنی حیزبەکەی کردووە و گەیشتووە و بە شێوەیەك داڕوخاوە کە ئیتر حەز و مەیلی بۆ ژن نامێنێت و پیاوان سواری خۆی دەکات، ئەمە وا دەکات کە مارێلا زیاتر هەست بەوە بکات کە قوربانییە و پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ چەند کەسی تردا دەبێت و تەنانەت دوای ئەوەی کە ئەردەشێر ماڵ جێدەهێڵێت مارێلا بە یەکجاری دەچێتەوە بۆ لای ئایەتوڵڵا بەرپرسەکە، هەر بۆیە قوربانییەکی دۆڕاوە.

### ٤.٣ دیمەنی سێکسیی وەکو ئامانج

لێرەشدا هەر وەکو دوو مەبەستەکەی پێشتر، جەستەی ژن لە میانەی دیمەنی سێکسییەوە بابەتی سەرەکییە، بەڵام لێرەدا نە وەکو هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن لە کێشەگەلی تر و نە وەکو هێمایەکیش بۆ شتی تر پیشان نادرێت، بەڵکو تەنیا بۆ سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی خوێنەر و هەروەها پەیداکردنی ڕەواجی ماددی و مەعنەوییە بۆ خودی نوسەر. لێرەدا نوسەر بە بیانوی ئازادی ڕادەبڕین و دروشمی وەکو (هونەر بۆ هونەر)، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خاڵی لە ئیستاتیکا و پەیامگەلی هونەری، وەسفی جەستەی ژن و پڕۆسەی سێکسیی دەکات، لەم حاڵەتەشدا "دەق، جەستە وەکو کۆگایەکی چێژ و خۆشیی و پێشکەشدەکات، واتە تەنیا وەکو هۆکارێك بۆ وروژاندنی شەهوەت کە لە چەند پاچەیەکی بچووکتر پێکهاتووە: مەمك و سینگ و کەمەر و قاچ و هەندێ وردەکاریی تر کە دەق بەردەوام ئاماژەی پێدەکات" (بنکراد، ٢٠٠٨)، ئەمەش وا لە دەق دەکات کە جوانیی خۆی لەدەستبدات، بە تایبەتییش ئەو دەقانەی کە پیاوان دەیان نوسن، هەربۆیە هەندێك پێیانوایە کە پیاو هەرچەند رۆشنبیر و پایەی بەرز بێت، ئەوا ژن لە زەینیدا هەر تەنیا کاڵایەکە و هیچی تر. کەواتە دیمەنی سێکسیی بەمشێوە و مەبەستە وا لە دەق دەکات زیاتر هەڵگری مۆرکی پۆرنۆگرافیابێت وەك لەوەی ئیرۆتیکابێت.

ڕۆمانی (نازە) ی (ئیسماعیل ڕۆژبەیانی) ی، ناوەرۆك و دنیابینییەکی سادەی هەیە، کە بریتییە لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان گەنجێکی شاریی (ئازاد) کە لە گوندێکدا مامۆستایە، لەگەڵ کچێکی نەخوێندەواری خەڵکی گوندەکە (نازە) کە تەنیا لەگەڵ دایکێکی بێوەژندا دەژین، دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ (قالە) کە خزمی نازەیە و تەماحی لەنازەیە بۆ خۆی بیخوازێ، بەڵام (ئازاد) و (نازە) گرەوی خۆیان دەبەنەوە و هاوسەرگیری دەکەن و دێنەوە بۆ شار. ئەم ناوەرۆکە سادەیە بە زمانێکی زۆر سادەتر پیشاندراوە و دەکرا لە کورتە چیرۆکێکیشدا کورتبکرێتەوە. هەر بۆیە نوسەر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە چەند دیمەنێکی سێکسیی خستووەتەڕو کە نەبونیشیان هیچ زیانێك بە بنیاتی هونەریی گێڕانەوەکە ناگەیەنن، چونکە هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە ڕێڕەوی ڕوداوەکان ناکەن جگە لە وروژاندنی هەست و غەریزەی خوێنەر.

هەر لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکەوە، (ئازاد) ی گێڕەڕەوە بە جێناوی من قسە دەکات و باسی مامۆستایەکی عەرەبی هاوڕێی دەکات لە گوندەکەی نزیك گوندەکەی خۆی، ئەوە دەگێڕێتەوە کە چەندین جار ئەو مامۆستایە بە شانازییەوە باسی ئەو ژنانە دەکات کە دێنە دوکانی باوکی کە دوکانی فرۆشتنی جل و بۆنی ژنانە و ئەم فریویداون و لەگەڵیاندا ڕایبواردووە. پاشان هەر لەو بەشەدا گێڕەڕەوە باسی پەیوەندی سێکسیی خۆی دەکات لەگەڵ کچێکی درواسێیاندا کە چۆن دایکی بەسەرا دێت و کارەکەیان لێ تێکدەدات. واتە ڕۆمانەکە هەر لەسەرەتاوە بە دیمەنی سێکسی دەستپێدەکات و بە زمانێکی زۆر سادە و تەنیاش سەرنجی خوێنەری سادە ڕادەکێشێت. لەبەر درێژیی نمونەکانیش کە تەنیا بریتیین لە گفتوگۆ، تەنیا ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکانیان دەکەین. لە بەشی سێیەمیشدا دیسانەوە ئازادی (مامۆستا) داوا لە (حەمە) ناوێکی خەڵکی گوند دەکات کە بۆ سەردانی هاتووە، بەڵام ئەم داوای لێدەکات (دوو قسەی خۆش) ی بۆ بکات. حەمەش وەك هەمیشە لە مەبەستی (مامۆستا) تێدەگات و باسی بەسەرهاتێکی منداڵیی خۆی دەکات کە چەندین جاری تر بۆی باسکردووە. گوایە کاتی خۆی ناسیاوێکیان بە ناوی (ئەوڵا) بۆ کاروانچێتیی دەچو و بەردەوام هەفتەیەك یان دە ڕۆژی پێ چووە و داوای لە باوك و دایکی حەمە کردووە ئاگایان لە هاوسەرەکەی بێت کە ژنێکی گەنجە. لە یەکێك لەو جارانە دایکی حەمە نەخۆشدەبێت و لە جیاتی خۆی حەمە دەنێرێت و ئەو شەوە ژنی مام ئەوڵا هەتا بەیانی لەگەڵ حەمەدا دەچێتە ناو جێوە و هەموو دیمەنەکەش بە زمانێکی زۆر سادە دەگێڕێتەوە. (ڕۆژبەیانی، ١٩٨١) گێڕەڕەوە لەمەش زیاتر دەڕوات و دەچێتە بەغدا بۆ ماڵی مامۆستاکەی هاوڕێی و دوو ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە و هەردوو ڕۆژەکە لەگەڵ هاشم و هاوڕێیەکی تری ئەچنە خانەی لەشفرۆشەکان و خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە و دواتر دێتەوە بۆ شارەکەی خۆی (ڕۆژبەیانی، ١٩٨١). ئەم دیمەنانە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەگەر نەشبن و ڕاستەوخۆ باسی دروستبونی پەیوەندی خۆشەویستی ئازاد و نازەی بکردایە و هەوڵ و کۆششەکانیان تا بە یەکگەیشتنیان، ئەوا هیچ کەموکوڕییەکیان لە تێکستەکە دروست نەدەکرد تەنیا ئەوەی کە خوێنەر لەوانەیە زۆر چێژ لە بەسەرهاتەکە نەبینێت ئەگەر ئەو دیمەنانە نەبن، هەڵبەت مەبەستمان لە چێژی هونەرییە. واتە، خستنەڕوی ئەو دیمەنانە تەنیا ئامانجە و ئامانجێکی بەرزیش نا، بەڵکو تەنیا وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە. خاڵێکی تریش کە تێکستەکەی لاوازکردووە ئەوەیە کە گفتوگۆ ڕوبەرێکی زۆری لە ڕۆمانەکە داگیرکردووە و گێڕەڕەوە هەناسەی زۆر کورتە و هیچ قسەیەك ناکات، ئەمەش زیاتر تێکستەکە لە شانۆوە نزیکدەخاتەوە تاوەکو ڕۆمان.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها) شدا، لەپاڵ هەردو مەبەستەکەی پێشوتردا، نوسەر دیمەنی سێکیی وەکو ئامانج مەزراندووە، بەڵام بە ئامانجی وروژاندنی هەست و غەریزەی خوێنەر نا، بەڵکو بە ئامانجی گەیاندنی خۆشیی و هێنانە پێکەنینی خوێنەر، بە تایبەتیش کاتێك کارەکتەرەکان لە دیمەنەکاندا بە شێوەزاری ناوچەیی دەدوێن.

لە دیمەنێکدا (کەریم) کاتێك (زێڕین) ی تەوار دەدوێنێت، باسی ئەوە دەکات کە خۆی و جەوهەر و عومەری هاوڕێی دەگەنە گوندی وەرتێ، (عومەر) بە حەسرەتەوە باسی ئەو کاتەیان بۆ دەکات کە لەم گوندە مامۆستا بووە.

عومەر دەیگوت:

لە شۆڕشی ئەیلول لەم گوندە مامۆستابوم، حەزم لە کچێ بو، شەوێك فرسەتم هێنا، چومە لای کچەکە، لە دەمەوە ماچم کرد، کچە پێی وتم:

- حومبەر ما فوم تێدەکەی؟

جەوهەر بە تەوسەوە بە عومەری وت:

- ڕاستی دەکرد، هەتیو، بۆ فوت تێدەکرد؟

عومەر لە تەوسەکەی جەوهەر حاڵی نەبو بە گەوجییەوە وتی:

- ئەی چیم کردبا؟

- دەبا کەوڵی کەیت! (موکری، ١٩٩٨)

لێرەدا لەپاڵ ڕەهەندە کۆمیدییەکەدا، نوسەر ئاستی ئاگایی و وشیاریی تاکی گوندنشینمان پیشاندەدات سەبارەت بە پرسی سێکس، کە وشیارییەکی زۆر لاوازە.

بە نمونەیەکی تر کۆتایی بە باسەکە دێنین، هەرچەندە لە نمونەکانی تر زۆر درێژترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمیدیی و پێکەنیناوییە، دنیابینیی خەڵکی لادێ لە ناوچەیەکی دیاریکراو و بەرتەسك دەخاتەڕو لەبارەی سێکسەوە و ڕەخنەیەکی توندیش ئاڕاستەی خەڵکی شار دەکەن کە چۆن لەسەر (پارچە) گۆشتێکی بچوك ئینسان دەکوژن. ئەم دنیابینییەش هەر لە زاری حاجی و هەمینەوە پێشکەش دەکرێت بە شێوەیەك کە بەلای خوێنەرەوە زۆر کۆمیدییە؟

ئەم دیمەنە لەسەر زاری جەوهەرەوە پێشکەش دەکرێت کە بەسەر خۆیدا هاتووە، کاتێك لەگەڵ هەمین ڕادەبوێرێت، حاجی مێردی بەسەریاندا دەچێت.

- چەتیم!

هەمین خۆی تێك نەداو پێی گوت:

- گوی دەخۆیت

حاجی گوتی:

- شەرمێ ناکەی

هەمین گوتی:

- لە کێ؟

حاجی گوتی:

- لە من!

- چما ئەتو پیاوی تا شەرمت لێ بکەم

- بۆ پیاو نیم

- پیاو بای ئەو هەمو خەڵکە بە من فێر نەدەبون

- ئەتو خۆت فێریانت کردووە

- گەر تۆ پیاو بای ئەوەم نەدەکرد

بووە شەڕە قسە، منیش لەنێوانیاندا واقم وڕمابوو، زۆر جار منیان دەکردە دادوەر، لێیان دەپرسیم کامیان لەسەر حەقن، هەمین دەیگوت:

- کاك جەهوەر! ئەمن کەیفی خۆمە، هەر کەسێکم پێ پیاوبێت، ئەوا لەگەڵ ئەودا... توخودا کەیفی خۆم نییە؟

حاجیش قسەکەی پێ دەبڕی و دەیگوت:

کاك جەهوەر! چما ئەمن پیاو نیم، توخودا ئەمن پیاو نیم ئەدی ئەم تفەنگ و دەمانچەیەی قەدم چییە؟ ساوەڵڵاهی وەبیللاهی وەتیللاهی، تا خاوەنی ئەم تفەنگ و دەمانچەیە بم، بە حەق دەڵێم حەق و بە ناحەقیش دەڵێم ناحەق! سا بە سی جزمەی قورعان تا ئەم تفەنگ و دەمانچەیەم پێ بێ، خۆم بە پیاوێکی گەلێ عەگید دەزانم، توخودا کاك جەهوەر وا نییە؟ هەمین ئەمن پیاو نیم.

بەزمەکەی منیش لەنێوان (کێشە) ی ئەو دوانەدا ون بوو، منیش هەند حەپەسابوم نەمدەزانی چ بڵێم، تا حاجی پێیگوتم:

- کاك جەهوەر، ئەتو لۆ وا تێکچوویت، چما ئێمەش وەکی ئێوە کەرین، لەسەر کونە میزێکە زەلام بکوژین؟

- هەمینیش بۆ پاڵپشتی حاجی هەمان پرسیاری کرد، منیش زمانم تەتەلەی دەکرد لەسەر یەك دەمگوت:

- ئا .. ئا .. ئا..

هەمبن بە پێکەنینەوە ڕوی لە حاجی کرد و وتی:

- توخودای هەندکەرن لەسەر ئەو شتەی زەلامی دەکوژن؟

ئیدی وەك ئەوەی لەوێ نەبم، منیان فەرامۆش کرد، خۆیان کەوتنە قسە:

حاجی دەیگوت:

(هەمین) ئەتو وەکی من ئەم کەرانە ناناسی، هی وایان هەیە پاش حەفت ساڵآن زەلامە و ژنە دەکوژن.

هەمین بەسەرمانەوە گوتی:

- لەبۆ زەلامە دەکوژن؟ چما هەندێ بێ عەقڵن نازانن چ زەلامی ناتوانێ، بێ قایل بونی ژنە ئەمەی بۆ بکات، راس دەکەی کەرن!

حاجی گوتی:

- هەر زۆر کەرن.

هەمین لای کردە لاوە بە تەوسەوە گوتی:

- کاك جەهوەر وەیە؟

منیش دەمگوت:

- بەڵێ بەڵێ...

- حاجی دەیگوت:

- کەرن

هەمینیش دەیگوت:

- بەخوا ڕاست دەکەی..

- هەمین ئەمانە نازانن پیاوەتی یانی چی

- بەخودای ڕاست دەکەی، بەلانەکی ئەمن کاك جەهوەرم پێ پیاوە!

- ئێمە باسی کاك جەهوەر ناکەین، کاك جەهوەر هی دەخۆنە! گەورەی مەیە.. (موکری، ١٩٩٨)

جوانیی ئەم دیمەنانە لە بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆی ناوچەییدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەو بەسەرهاتانە کە لە نوکتەشەوە نزیکن، ئەگەر هەر بە گفتوگۆی ناوچەیی نەوترێن تاموبۆ و خۆشییەکەیان لەدەستدەدەن، جگە لەوەی کە مۆرکی واقیعییانە بە دەقەکە دەبەخشن و گوزارشت لە ئاگایی و ئاستی وشیاریی ئاخێوەرەکانیان دەکەن.

## ٥. ئەنجامەکان

**١.** چاکتر وایە زاراوەی (ئەدەبی جەستە) لە زمانی کوردیدا لە بری زاراوەکانی تری وەکو (ئەدەبی کراوە و ڕوتەمەنی) بەرانبەر بە ئیرۆتیکا و تەنانەت پۆرنۆگرافیاش بەکاربێت، چونکە زاراوەیەکی گشتییە هەردوو بوارەکە لەخۆدەگرێت.

**٢.** مادام ئەدەب گوزارشت لە ژیان دەکات و سێکسیش داینەمۆی بەردەوامیی ژیانە، ئاسایی و بگرە پێویستیشە کە لە تێکستی ئەدەبییدا بەزرێنرێت و هیچ پاساو و بیانویەك نییە بۆ ڕەتکردنەوەی.

**٣.** سێکس وەکو هۆکاری (گوزراشتکردن و هێما) خزمەتی دەق دەکات چ لە ڕوی ناوەرۆکەوە و چ لە ڕوی هونەرییەوە، بەڵام وەکو ئامانج، بە تایبەتیش بە مەبەستی وروژاندنی هەستی خوێنەر و پەیداکردنی بازاڕ بۆ دەقەکە، کارێکی نەشیاو و ناپەسەند و قبوڵکراو نییە.

**٤.** لە ڕۆمانەکانی کە کەرەستەی توێژینەوەکەن، ڕۆمانی (ئەژدیها) لە هەمویان دەوڵەمەندترە بە دیمەنی سێکسیی و بۆ هەر سێ مەبەستەکەش بە سەرکەوتویی مەزرێندراوە، جگە لەوەش نوسەر، سێکسی وەکو ئامانج بە مەبەستی گەیاندنی خۆشیی بە خوێنەر مەزراندووە نەك بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی. ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (ئەودیو سنور) یش لە مەزراندنی دیمەنی سێکسییدا سەرکەوتوبونە، بەڵام لە ڕۆمانی (نازە) دا ئەو دیمەنانە هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بە ڕۆمانەکە ناکەن و دەرهێنانیشیان هیچ زیانێك بە دەقەکە ناگەیەنێت.

**٥.** ئەو دیمەنە سێکسییانەی کە تەنیا ئامانجیان وروژاندنی هەستی خوێنەرە، دەکرێت بخرێنە ناو چوارچێوەی ئەدەبی پۆرنۆگرافیاوە.

## ٦. سەرچاوەکان

بنكراد، سعيد، ٢٠٠٨، السرد الروائي وتجربة المعنى، الدار البيضاء – بيروت، المركز الثقافي العربي، ص٦٢.

حمراني، ليلى، ٢٠٠٧، الاسلوب الاشهاري في الرواية الجزائرية المعاصرة، موضوعة الجسد، لأمين الزاوي نموذجا، جامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية، ص ٦، ٢٩، ٣٠.

الحوري، موسى، ٢٠١٨، تمظهرات الجسد في الرواية العربية الحديثة، دون مكان الطبع، الطبعة الاولى، تموز – ديموزي للطباعة والنشر، ص ١٥٨.

حەمە ئەمین، ئیسماعیل، ٢٠١١، ئەودیو سنوور، باڵەفڕە بەیۆ دارستانەکانی مانگدا، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، ل٣٨٧، ٣٨٧، ٩٦، ١٤٤.

خەزنەدار، مارف، ١٩٩٢، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی – روخسار و ناوەرۆك، هەولێر، گ. کاروان، ژ. (٩٣)، ل٩-١٨.

ڕۆژبەیانی، ئیسماعیل، ١٩٨١، نازە، بەغداد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، چاپخانەی دار العراق، ل١٠-١٥، ١٩و٢٥.

سەید برایم، پێشڕەوی، ٢٠٠٨، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیی و روناکبیریی گەلاوێژ، ل ٣٥ – ٣٦، ٣٦، ٢٢.

عەلی، بەختیار، ٢٠٠٥، شاری مۆسیقارە سپییەکان، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ل، ٩٥ – ٩٦، ٢٣٧.

القاسمي، علي، ٢٠٠٦، الحب والابداع والجنون، الدار البيضاء، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ص ٨٨.

كيوان، عبدالعاطي، ٢٠٠٣، أدب الجسد بين الفن والاسفاف، القاهرة، مركز الحضارة العربية، ط١، ص ٥٤.

محي الدين، هێرۆ حسام الدین، ٢٠١٦، ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا (کرمانجی خواروو ٢٠٠٠ – ٢٠١٣) نامەی ماستەر، زانکۆی چەرموو، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان – بەشی کوردی، چەمچەماڵ – سلێمانی، ل١٤.

موکری، ١٩٩٨، ئەژدیها، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی زاموا، ل ١١٤ – ١١٥، ١١٧ – ١١٨، ١٢٠، ١٥ – ١٦، ٤٨، ١٢٢، ١٢٣ – ١٢٤، ١٤٥، ١٤٥، ٣٩، ١٩١، ١٩٩ – ٢٠١.

وهبه، مجدي، ١٩٨٤، معجم مصطلحات الادب، بيروت، مكتبة لبنان، ص٢٢.

ئەحمەد، نەجات حەمید، ٢٠١٢، بنیاتە زمانەوانییەکانی خۆشەویستی و ئیرۆتیکا لە شیعرەکانی وەفاییدا – لە کتێبی (فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی، هەولێر، بەرگی یەکەم، یەکێتی نووسەرانی کورد – مەڵبەندی گشتی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، ل ٢٥٩، ٢٦١.

ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلآوکردنەوە، ل ٧٤، ١١٦، ٧٥.

یاسین، ڕۆزا، ٢٠١٨، تخييل الايروتيكا والبورنوغرافيا، الأوان، https://www.alawan.org/2013/12/08/%D8%AA%D8%AE%D9%8A%D9%8A%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D9%88%D8%AA%D9%8A%D9%83%D8%A7-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A8%D9%88%D8%B1%D9%86%D9%88%D8%BA%D8%B1%D8%A7%D9%81%D9%8A%D8%A7/ [ accessed at 20.01.2018]

---

* بە بڕوای ئێمە وشەی (دەلاڵ) بۆ ئێرە زۆر گونجاو نییە، بەڵکو وشەی (ئامراز یان هۆکار) گونجاوتر و لەبارترە.

* ئەو نوسەرە بەڕێزانەی کە وەلآمی پرسیارەکەیان دابنەوە (کاکەمەم بۆتانی، حەمەفەریق حەسەن، سابیر ڕەشید، سەباح ئیسماعیل، کەریم پەڕەنگ، ئیسماعیل حەمەئەمین، ئارام سدیق) بوون، کە هەموویان بە نامە و نامەی ئەلکترۆنی وەلآمەکەیان بۆ ناردمەوە، سوپاس و ڕێزم بۆ هەمویان.